### د. کمال مەزهەر:

# لای من مێژوونوس دەبێ ئەوەی لەبیر بچێت
# مەلای خەتێ یەکێك بووە لەپیاوە هەرەگ



**دیمانە : حیدر عبدالله**

دکتۆر کمال مەزهەر مێژوونووسێکی گەورەی نەتەوەی کوردە، خاوەنی دوو دکتۆرایە، کتێبەکانی لەمەڕ مێژووی کورد بێ ئەندازە بایەخدارن، ماوەیەکی زۆر لەبەریتانیا خەریکی کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکان بوو، پیاوێکی زۆر خۆش مەشرەب و ڕوخسار ئارامە، ئیسماعیل تەها کەهاورێیەتی دەکردم وتی: لەڕێزوگەورەیی ئەم پیاوە شەرم دایگرتم! لەلایەکی تریشەوەگریانی مامۆستا لە نێوچاوپێکەوتنەکەدا تەواو ویژدانی ئێمەی خستە ئازار.

مێژووی کورد هەڵەوناتەواوی زۆری تێدایە، سەرەتا لەبەندو بالۆرە وەرگیراوە، واتە کەسێکی ئەکادیمی وەك جەنابت نەبووە مێژووی کورد لەسەر بنچینەیەکی ڕاستەقینە بنووسێتەوە، لێکدانەوەی جەنابت بۆئەمە چی یە؟

دیارە مەبەست لەبەندو بالۆرە فۆلکلۆری کوردی یە، پێویستە بزانین نەك هەرمێژووی کورد بەڵکو گشت نەتەوە ژێردەستەکان کەدەرفەتی تەواویان بۆ هەڵنەکەوتووە ڕۆڵە دڵسۆزەکانیان خەریکی نووسینەوەو توێژینەوەی مێژووبن، دەبینین هەموو ئازارو ناسۆریەکانیان لە فۆڵکلۆری ڕابردووی گەلەکەیان ڕەنگی داوەتەوە، لەهەقیقەت دا فۆڵکلۆر بەسەرچاوەیەکی ڕەسەن دادەنرێت

# ــەوە سەربەکام نەتەوەیە، یان سەر بەکام حیزبە
# ــەورەو دڵسۆزو وردبینەکانی نەتەوەی کورد

بۆهەڵسانگاندنی لاپەڕەکانی مێژوو، لەگەڵ ئەمەش لەنێو کورد گەلێ کەس هەوڵی داوە بۆنووسینەوەو توێژینەوەی مێژوو، کەسێکی وەك «محمد ئەمین زەکی بەگ « کەم نیە، بەرهەمەکانی یەك لەیەك نایابترو چاکترن، هەرچەند ئەمین زەکی بەگ کۆلیژی سەربازی تەواو کردبوو، بەڵام هەست کردن بەبەرپرسیاریەت وای لێ کرد خامەی خۆی لەمەڕ مێژوو بخاتە گەڕ.

هەروەها بەدرخانیەکان بۆخزمەتکردنی مێژوو کەم نین، کەسێکی وەك «بلە شێرکۆ» کەناوی خوازراوی «جەلادەت بەدرخانە» لەساڵی ١٩٣٠ کتێبێك دەنووسێ بەناوی (ماچی الکرد وحاچرە) .هاوکات کەسانی تری دڵسۆزیش هەبوون لەپێناو خزمەتکردنی مێژووی نەتەوەکەیان کەمتەرخەمیان نەکردوە.

کاتێ سەرنجی مێژوو دەدەین وبەوردی دەیخوێنینەوە دەبینین زۆر لەمێژوو نووسان ئایدۆلۆژی خۆیان بەسەر مێژوودا زاڵکردووە، تۆ وەك مێژوو نووسێك تاچەند توانیوتە خۆت لەم باسە ڕزگار کەی؟

لەڕاستیدا من زانستی مێژووم بەقوڵی خوێندوە، سەرچاوەی زۆر ڕەسەن و قوڵم لەم بوارە لەبەردەست دا بووە، لای من مێژوونوس دەبێ ئەوەی لەبیر بچێتەوە سەربەکام نەتەوەیە، سەر بەکام حیزبە، دەبێ زۆر بێ لایەنانە مێژوو بنووسێتەوە. دواتر دەبێ ئەوە بزانین کەس نیە نەکەوێتە هەڵەوە، من هەمیشە لەمەدا پەنا دەبەمە بەر قسەیەکی لینین کەدەڵێ: (من لایعمل لایخگئ) تەنها ئەوکەسانە ناکەونە هەڵە کە هیچ کارناکەن.

من بڕوام وایە مێژوونوس دەبێ لەسەروی ئایدۆلۆژیا بێت، بەڵام دەبێ ئایدۆلۆژیاش داردەستێکی گەورەبێ بۆ لێکدانەوەی ڕوداوەکانی مێژوو، چونکە ئایدۆلۆژیا لەم مەیدانەدا کەم نیە.

د. علی وەردی قسەیەکی هەیە دەڵێ: «گەر مێژوو هەربریتی بێت لەوەسف و پێدا هەڵدان نەخوێندنەوەی زۆرباشترە» تۆ هەست ناکەی مێژووی کورد لەم چوارچێوە قەتیس کراوە؟

خوالێخۆش بوو د. علی وەردی مێژوو نووسێکی یەکجار گەورەیە، ئەو دەبەرگەی کە لەژێر ناوی (لمحات من تأریخ العراق الجدید) نووسیویەتی زۆربەنرخن. من خوالێخۆشبوم چەند جارێك بینوە، زۆر کەسێکی قوڵە، ئەو پێی وایە مێژوونوس کەوتوەتە ژێر هەستی ئایینی، یان ژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیای تایبەتی خۆی، بەڵام دیسانەوە پێت دەڵێمەوە، میژوونوسیش تاکێکە لەمرۆڤەکانی دەوروبەری، بێگومان هەمووکارێکیش ڕەنگدانەوەی خۆی دەبێت.

**گەر زانیاریم لەسەر ئایەتەکانی قوڕئان نەبوایە**
**نەمدەتوانی جیاوازی لەنێوان ئایەتەکانی قوڕئان‌و**
**قسەکانی مەسعود محەمەد دا بکەم.**
**وای ئەمە چ بلیمەتێکە !!**

لەمێژوودا نزیکەی (٤٢) میرنشینمان هەبووە، ئەوان لەجیاتی یەکگرتن وبرایەتی هەرخەریکی پێکداپژان و یەکتر کوشتن بوون، لەسەردەمی ئەوان کورد ئۆخەیەکی لەخۆی نەکردوە، پێت وانیە لەنێوچون و ڕوخانی ئەوان کارێکی باش بوو؟

میرنشینەکوردەکان لەبزاڤی کوردایەتی دا ڕۆڵی گەورەیان بینیوە. ئەو ئەوروپایەی کەئێمە ئێستا زۆر بەپێشکەوتووی ناودەبەین ڕۆژێك بووە میرنشینەکانیان ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە لەبەرەو پێشبردنی مێژووی نەتەوەکەیان.

لەمێژووی ئێمەدا بەشێك لە میرنشینەکان زۆر پێشکەوتووبوون، لەنێویان دا هەیە تۆپی دروست کردوە، نیمچە سەربەخۆبووە، بەڵام دوای ئەوەی ڕۆژگار گۆڕاو ڕەورەوەی مێژوو بەرەو پێش چوو، خۆری میرنشینەکان ئاوابوو، ئیتر دوای ئەوان نەوەی ئەم

## مام جەلال لە کورەکەی مەسعود بارزانی بۆ مەسعودبارزانی دڵسۆزترە

میرنشینانە بەشێوازێکی تر ڕۆڵی خۆیان بینی.

بەڵام بۆچی کوردیان بەگژیەکدا داوە ؟

میرنشینەکان هەریەکەوخۆی ویستوویەتی تاقەفەرمان ڕەوا بێ لەناوچەکە، لەئەوروپاش هەر وابووە، ئەمە دیاردەیەکی مێژووی زۆر ئاسایی یە، لەبیرمان نەچێ لایەنە باشەکانی ئەوان گەلێ زۆرترن لەلایەنەخراپەکانیان.

ئێمە نابێ بەسەرنجی سەدەی ئێستا بۆئەوان بڕوانین، دەبێ لەهەموو ڕوداوێك باردوخی کات وشوێن بگرینە پێش چاو، گومانت نەبێ ئەوان پردێك بوون بۆپەڕینەوەی ئەم قۆناغە، تۆسەیرکە ڕۆژێك لەڕۆژان کۆیلایەتی هەنگاوێکی گەورەبووە، کەچی ئێستا ئێمە گاڵتە بەکۆیلایەتی دەکەین، کۆیلایەتی (العبودیە) کەهاتوەجێگەی (المشاعیەالبدائیە)ی گرتوەتەوە، بۆئەم کات هەنگاوێکی زۆرگەورەبووە، بۆیە پێوستە ئێمە هەل ومەرجی زەمان و مەکانی ئەوکات بخوێنینەوە، باردۆخی ئەوکات لەبەرچاوبگرین.

گەربۆنێومێژووی ڕابردوومان بگەڕینەوە زیاتر دەبینین مێژووی سیاسی و سەربازیمان نووسراوەتەوە، مێژووی کۆمەڵایەتی پشت گوێ خراوە؟

مێژوو دەبێ بایەخێکی قوڵ بەدوو لایەن بدات یەکەم: لایەنی کۆمەڵایەتی دووەم: لایەنی ئابووری، چونکە گەرکۆمەڵ نەبێ ئابووری نابێ، کاتێك کۆمەڵ و ئابووری بەیەکەوە تفاعولیان کرد ئینجا سیاسەت دروست دەبێت، سیاسەت بەبێ ئەم دووانە محاڵە سەربگرێ.

گەر تەماشای بەرهەمەکانی من بکەی دەبینی بەشی یەکمیان بریتیە لەپەیوەندیە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان لەساڵی ئەمەندەوە بۆساڵی ئەوەندە.

مێژوو بریتیە لەهەموو چرکەساتە خۆش وناخۆشەکانی مرۆڤ، بەڵام ئایا نووسینەوەی مێژوو (مواقف)ە یاخود هەڵێنجانی بەشێك لەڕوداوەکانە؟

لێرەدا مێژوونوس دەبێ زۆر بێلایەن بێ، گەروانەبوو بابەتەکەی هیچ نرخی نابێ، مێژوونوس موڵکی گشتی یە دەبێ خۆی لەپەرگیری بپارێزێ، نابێ چاولە کەم و کورتی بپۆشێ، جەسوربێ و نابێ بترسێ، گەرمێژوو هەروەسف و پێداهەڵدان بێ هیچ کەڵك وسودێك نادا بەدەستەوە.

محمد ئەمین زەگی بەگ دەڵێ:» کاتێ ئیسلام هات کوردەکان ڕوانیان کەبینیان موافیقی تەبعیتیان بەئاسانی قبوڵیان کرد».

لێدانەوەی تۆچۆنە بۆئەم مەسەلەیە؟

دەبێ ئەوە بێنینە پێش چاو کاتێ ئیسلام هات دەوڵەتی میدی ڕوخابوو، کورد نەتەوەیەکی ژێردەستەبوو، ئیسلامەتیش هەنگاوێکی گەورەبوو بۆبەرەوپێشچونی کورد، بۆیەکورد بوەتە یەکێك لەکۆڵەگە هەرەسەرەکیەکانی، لەمێژوودا گەلێك لەزاناو ڕەهبەرە دڵسۆزەکانی ئیسلام کورد بوون، کەسێکی وەك سەلاحەددینی ئەیوبی کەم نیە بۆئیسلام، ئەوەتە شەڕی خاچ پەرستان دەکات و جیهانی ئیسلامی قوتاردەکات لەدەستی گاورەکانی جیهان.

لەکوردستان چەند گۆڕێك هەیە بەناوی گۆڕی ئەسحابە ناودەبرێن، لەمێژوودا ئەمە هیچ بنچینەیەکی ڕاستی هەیە؟

لەم بارە نموونەیەکی مێژوویی زۆرلەبارهەیە، خالیدی کوڕی وەلید پێشەوایێکی گەورەی ئیسلامە، بابانیەکان کەهەموویان ڕەنگ سپی وچاوشینن، دەڵێن ئێمەلەنەوەی خالیدی کوڕی وەلیدین لەکاتێکدا خالیدی کوڕی وەلید پێی نەکردوە بەخاکی عێراق دا، لەلایێکی تر هەرچی نەوەی خالیدی کوڕی وەلید هەبووە بەپەتا کۆچی دواییان کردوە . خەڵك ئیسلامەتیان لا خۆشەویست بووەو خۆیان پێ هەڵداوەتەوە، بابانیەکان کە وتویانە ئێمە نەوەی خالیدی کوڕی وەلیدین خەڵك ڕێزی زیاتری گرتون.

زۆرجار پەڕۆکێك بەسەرگۆڕێکەوە دەبینین دەڵێن ئەوە گڵکۆی فلان ئەسحابەیە، لەکاتێك دا ئەو ئەسحابەیە کوردستانی هەرنەبینیوە ! !

لەسەرمەلای خەتێ مشت ومڕێکی زۆرهەیە، بەشێك لەمێژوونووسان مەلای خەتێ بەشۆڕشگێرو خەباتکارێکی گەورە لەقەڵەم دەدەن، بەشێکی تر بەخیانەتکاری ناودەبەن، تۆوەك مێژوونووسێك لەم نێوەندەدا چی دەڵێی؟

دەوەڵڵاهی مەلای خەتێ یەکێك بووە لەپیاوە هەرەگەورەو دڵسۆزو وردبینەکانی نەتەوەی کورد، خوالێخۆشبوو مەسعود محەمەد جوانترین نووسینی لەسەر مەلای خەتێ نووسیووە، بێ قەزابی مەلای خەتێ چۆن خیانەت لەکورد دەکات؟! ! ئەو کوردی لەکێشیەکی گەورە ڕزگارکرد، مەلای خەتی بوە هۆی ئەوەی ئاورێکی ڕەحمەت لەکورد بدرێتەوە، چۆن ئەم تەرزە پیاوە گەورانە دەکەونە هەڵەی واگەورە ! !

مامۆستا جەنابت لەیەکێك لەچاوپێکەوتنەکانت باس لەکۆمەلێك بەڵگەنامە دەکەی لەسەر»مەلای گەورەی کۆیی» گەر بکرێ ڕۆشنایی زیاترمان پێ بدەی؟

مەلای گەورە ناوی خۆی بەخۆوەیە، کەسێکی زۆرگەورەیە، زۆر دڵسۆز بووە، مەلیك فەیسەلی یەکەم بەقەد دونیایەك بەمەلای گەورە موعجەب بوو، جارێك مەلیك فەیسەل بەمەلای گەورە دەڵێ قوربان گەر ڕێگەم بدەی سێ مانگی وەرزی هاوین دێم



# مەلیك فەیسەل بەمەلای گەورە دەڵێ قوربان گەر ڕێگەم بدەی سێ مانگی وەرزی هاوین دێم لەخزمەت جەنابت زمانی عەرەبی دەخوێنم!

لەخزمەت جەنابت زمانی عەرەبی دەخوێنم!

ئـەی سـەبارەت بەکوڕی مـەلای گەورە مەسعود محمەد؟

بڕوابکە کەم کـەس لەدونیا هەبووە وەك مەسعود محەمەد زمانی عەرەبی بزانێت.

دۆستایەتیت چۆن بوە لەگەڵی؟

هەمیشـە بەبراگـەورەی خۆمـم داناوە، نزیکتریـن و خۆشەویسـترین کەسـی منـە، دڵسـۆزی وامان زۆرکەم بووە، شـیوعیەکان بەدژایەتـی مەسـعود محەمـەد کەوتنـە هەڵەیەکی زلەوە، مەسعود محەمەد مارکسی بەیەکێـك لەفەیلەسـوفە هەرەگەورەکانـی دونیا داناوە، لەهەمان کات ڕەخنەی لەبیری شـیوعیەت گرتوە. عەزیزمحەمەد سکرتێری حیزبـی شـیوعی بـێ حیسـاب سەرسـامە بەمەسـعود محەمـەد، ئەمـە دەقی قسـەی ئەوە: ( جەماعەتی ئێمە؛ زوڵمیان لە مەسعود محەمەد کرد) مەسـعود محەمەد گاڵتەنیە !! لەکۆڕی زانیاری کـورد لەبەغدا ئەوانەی ڕۆڵی هەرەگەورەیـان بینـی لەدارشـتنی زاراوەی کارگـێڕی کـوردی دووکەس بـوون: یەکەم: مەسعود محەمەد دووەم: هەژارموکریانی.

ئـەم دووانـە تاکوسـعات یانزەی شـەو لەکـۆڕی زانیـاری دەمانەوە، ئـەو زراوانەی کەئێسـتا جیلـی نـوێ بـەکاری دەهێنـن کردوکۆشی ئەوشەونخونی ئەوانە.

باسـێکتان بۆبگێڕمـەوە: دکتۆرئیبراهیم کمـال کۆچی دوای کـرد، لەچلەی ماتەمینی دەبو کۆڕی زانیاری کورد وتارێك بخوێنێتەوە، کێ دەبێ بیخوێنێتەوە؟ هەموو بەیەك دەنگ وتمان مەسعود محەمەد، لە وتارەکە مەسعود محەمـەد هەندێك ئایەتی قورئانی بەکارهێنا، عبدالرزاق محی الدین سەرۆکی کۆڕی زانیاری عێراق خۆی پێنەگیرا و سـێ جار وتی: (بارك اللّٰه فيك، بـارك اللّٰه فيك، بارك اللّٰه فيك) ئینجا وتـی: (لولاعلمـي بأيـات ذكر الحكيـم لكان يصعب علـىّ أن أفرق بين كلام اللّٰه سـبحانه وتعـالى، وبين كلام سـيد الخطيب) واتە: گەر زانیاریم لەسـەر ئایەتەکانـی قورئان نەبوایە نەمدەتوانـی جیـاوازی لەنێـوان ئایەتەکانی قورئـان و قسـەکانی مەسـعود محەمەد دا بکـەم. وای ئەمـە چ بلیمەتێکە !! پیوسـتە پەیکەرێکـی زۆرگەورە بۆمەسـعود محەمەد بکەین، ئاخر ئەمەگاڵتەنیە !! (لەگێڕانەوەی ئەم بەسـەرهاتە دکتۆرکمال مەزهەر دەستی کرد بەگریان، ئەوەندە بەسـۆز گریا ئێمەشی وەگریان خسـت، لەڕێگەی فرمێسکەکانیەوە بەئێمەی دەوت من ناتوانم وەسـفی پیاوێکی وەها مەزن و باڵابکەم).

مـام جـەلال و کاك مەسـعود بارزانـی دووکارەکتـەری نێـو مێـژوون، سـەرباری ئەوەی کاری زۆرباشیان کردوە، بەلام هەڵەی ستراتیژیشیان کردوە، ئەوان ئێستا لەکوێی مێژوون؟

ئێستا من بست بست باڵا دەکەم کەدەبینم پەیوەندی کاك مەسعود و مام جەلال باشـە، بـەڵێ؛ ئـەوان کەوتونەهەڵـەی زۆرگەورە، بـەلام دەرسـیان لەهەڵەکانیان وەرگرتوە، بەدووبەرەکی تەنها دوژمن دڵخۆش وسودمەند دەبێ، من وا تەسەوردەکەم ئێستا مـام جەلال لـە کورەکەی مەسـعود بارزانی بـۆ مەسـعودبارزانی دڵسـۆزترە، هەمیشـە دەڵێم ئەمڕۆمان لەدوێنێ باشـترە، دڵنیاشم بەیانیمان لە ئەمڕۆ باشترو روناکتردەبێ.

مامۆستا حەزدەکەین بزانین لەم تەمەنەدا سەروکارت چۆنە لەگەڵ خوێندنەوە؟

تەمەنم ٧٢دووساڵە، ئێسـتاش شـەوو ڕۆژ خەریکی خوێندنەوەو نووسـینم، ڕۆژنامەو گۆڤارەکان دەخوێنمەوە، هەروەها ئێستا سەرقاڵی نووسینەوەی بیرەوەریەکانی خۆمم، نـاوم ناوە: (لەپەراوێـزی کوردایەتی دا، لەبیرەوەریەکانی کمال مەزهەر).

فەیلەسـوفان هەریـەك بەجۆری باسـی فەلسـەفەوحیکمەتی مردنیان کردوە، ئێستا تۆلەمردن دەترسی؟

خـوا دەیزانـی قـەت سـڵم لەمـردن نەکردوەتـەوە، بـەلام حەزدەکـەم بژیم بۆئەوەی زیاتـر خزمەت بەنەتەوەکەم بکەم، ژیانم بۆئـەوە دەوێ خزمەتی گەلەکەمی پێ بکەم.